# دڵتەنگ مەبە

سارا عومەر، دانمارک
11.10.2006
Xozga86@hotmail.com

دڵتەنگ مەبە
کە بە مرواری فرمێسکە زیوینە بەخوڕەکانم
پێت دەڵێم
چیدی من لێرەوە تۆ جێدێڵم و
گرێی هیوام بە مەرگەوە دەبەستمەوە
بۆهەمیشە دەست لە ملی ژیانێک
(بەدەر لە زیندووبونی جەستەم)
دەکەم و
لەم ئافاتە بۆگەن و چڵپاوەی ڕۆژگاردا
کەندێکی ئیجگار چۆڵتر و تاریکتر
لە کۆڵانە ڕەشپۆش و تەسکەکانی بەتۆ گەیشتن
تەنها بۆخۆم دەستنیشان دەکەم
لەودیو تەلبەندە ژەنگاوییەکانی
سنووری ئەم کەوکەبە خوێنمژەوە
سەرم بە تینوییەتی پێکی شەرابی مەرگی خۆمەوە دەنێم و
سەرهەڵدەگرم

دڵتەنگ مەبە
کە پایزە مەرگێکی ناوەخت
هێندەی کۆرپەلە دنیانەدیدەیەک
دەکرۆزێتەوە و
پەیامی پووکانەوەی جوانییە وونبووەکانت بۆ دەهێنێت
کە من دەفرێنێت بەرەو
تێکەڵکردنی ڕەنگەکانی ڕژانە ناو تابلۆی مەرگی ڕۆحم و
کەلەی بێزاریم
بەپێش چاوی ماندوویەتیمەوە
پاڵکێشی دۆزەخێکی ترسناک دەکات
کە دڵنیام هەر دەبوو بەناویدا تێپەڕبېم!
زۆر دەمێکە پاسەوانی گۆڕستانی لاشەیەکی تەنهام
کە ڕۆشنایی شەقامەکانی کوچەی دڵی تۆم لێ چەوت دەکات
دەمکاتە چنگێک لە قوڕ و چڵپاوی کۆڵانەکانی ژیر پێت و
بوێرانە و دوور لە هەڵوێستی دابران پێم لێدەنێ
دڵتەنگ مەبە....

بمبەخشە، ئەی هەستیارترین بوونەوەر!
کە من لەم ساتەوە
دەست لە پەلکەزێڕینەی سۆزت بەر دەدەم

که هەنگاو بەسەر چڵە تازە پشکتووەکانتا دەهێنم
لەودیوو چاویلکەی بیناییمەوە
خۆمت لێ دەخڵافێنم
که لە خەونێکی پەرت بووشدا
لەژێر پەتۆی گەرمووگوڕی ئەوینتا من ناتدوێنم
دڵتەنگ مەبە..

ئازارمەخۆ بەم بڕیاری دابڕانەی قەدەر دەیدات
دڵەی بە ئازار و غەمگینت ڕازیبکە و
لێم دابڕێ ... چیدی بیرم لێمەکەوە
لەباتی بەرچنە پڕ گوڵەکەی بن دەستی خۆشەویستیت
بە هاتنی شەوبۆی نیگاتدا بۆ سەر گۆڕم
چڵێک نێرگزم تێبگرە .. چیدی ئاوڕم لێمەدەوە
با گەرچی خۆم بەهارم نەدی
گۆڕە زەرد هەڵگەڕاوەکەم لەبری من تێر بۆنیبکات
لەبن سێبەری چڵێک لاولاوی ماندویەتیت بحەسێتەوە
با تنۆکی فرمێسکی چاوە ئاگربارانەکانت
ببێتە کڵبەی شەونمی پێنووسی گرێبەستی ڕۆحمان و
هەستە جوانەکانی تۆ بکاتەوە بە ڕەنگ و
ڕەنگەکانیش بکاتەوە بە وێنەی ئەسمەری ڕوخسارت
دوور لە ئامێزی ئازار بژی، خورپەی دڵم !

گەرچی دەڕۆم و
بە تروسکەی نیگای میهرەبانیت ناگەمەوە
دوا سیمای هەنسکی دڵمت لا جێدێڵم
لەگەڵ ئاوازی فلووتی ماندویەتیم
تکایە... تکایە
ئامانەتی تۆ و ئەو هەستە پڕ گریانەم!
با
لە پەیمانی دابڕانی ئەوینمانا
ئەم وورشە وورشی لێدوانە
وەک بەڵگەیەکی زیندوو لە بەینمان بێ
لەنێو دڵی تۆی خۆشژین و منی مەینەتباری شکاو
من دەبێت بڕۆم لەکاتێکدا
کە لەم دۆزەخە بێڕەحمەی ژیاندا
هەوایەکی تێدانەبێت بۆ هەڵمژین
گوڵێکی تێدا نەبێت
بۆنی بکەم و بە چمکی بۆینباخەکەتەوە بیلکێنم
دەستەسڕێک نەدۆزمەوە فرمێسکی دابڕانتی پێبسڕم
خەمگین مەبە خۆشەویستم
ئێمە بەشمان دابڕانە